

گەشاوە جاف

**پەڵە هەوری ئاهێک**

دیسان خەمێک

لە باخی ئاسوودەیدا

چرۆی دەرکرد

دیسان هەور

لە چاوانیا پەڵەی دا و

ئەسرین باران ئاسا ڕێژنەی

لە دیدەوە سەری دەرکرد

دیسان

لە بەردەرگای غوربەتیا

شینی ئاوێتەی شادی کرد

دیسان لە بیابانی ڕۆحی دا

ئاگرێک پرشەهوەتی سووتان

بڵێسەی گرت

بڵێسەی گرت،

دیسان شەوەکانی لە ئامێزی

ساردووسڕ ڕێبوارێکدا

بەڕێ کرد

لە نیگایدا خەمێک

خۆی دەڕازاندەوە

لە ڕۆحی دا ئاوازی

شینێک هەموو

جەستەی هێناوەتە سەما

بەدەم سەمای خەمناکەوە

خونچە ی غەمگین

بۆ هەتا

چاوی بەدنیا هەڵهێنا

زستانی 2014 لەندەن

گەشاوە جاف